## گڵێنە دۆزراوەکانی (2012–2018)

گڵێنە دۆزراوەکانی کونارا لە ساڵی ٢٠١٢ەوە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییان لە سەر کراوە هەر لە دەستپێکی هەڵکۆڵینی ناوچەکاندا.

لێکۆڵینەوەی جۆریەتی جۆری گڵێنەکان تیشک دەخاتە سەر پرسیارە کرۆنۆلۆژی و کولتوورییەکان کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٨ بەنزیکەی ٦٠٠٠ پارچە گڵێنە دۆزرانەوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی A و دۆزرانەوە وە بە نزیکەی سەد پارچە لە ناوچەی B و C دۆزرانەوە. لە ئێستادا بە دۆزینەوەی بەردەوامی گڵێنەکان لە هەموو ناوچەکان لە شاری خواروودا (ناوچەی B، C، D و E) زانیارییەکان تەواو دەکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە وایکردووە بتوانرێت پەیوەندییەکی کولتووری نزیک لە نێوان ناوچەی سەرەوەی دۆڵی تەنجارۆ و ناوچەکانی دەوروبەریدا دروست بکرێت. بەم شێوەیە هاوشێوەی تایپۆ-مۆرفۆلۆژی لەگەڵ گڵێنەکان لە چینەکانی کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە دروست بووە. ناوچە شوێنەواریەکانی دیالە وەک تەل یەڵخی و لە دۆڵی دیجلە وەک ئاشور و نەینەوا، ئەمەش شایەدی ئەوە دەدات کە ناوچەی کونارا لە کۆتایی سەردەمی سەردەمی برۆنزی کۆندا تێکەڵ بە ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکانی میزۆپۆتامیا بووە. تا ئێستا هیچ هاوشێوەیەک لەگەڵ گڵێنە ناسراوەکان لە ئێراندا نەکراوە.

ئەگەر بەپێی تێبینیکردنی گڵێنەکان بێت، بینایایەکەی ئێستاکە لە شاری خواروو هەڵکۆڵینی بۆکراوە (ناوچەی E: چینی 1، ناوچەی B: چینی 2 و ناوچەی C: چینی 3) هاوچەرخ بن لەگەڵ چینی 2ی ناوچەی A (نزیکەی ٢٢٠٠-٢١٠٠ پێش زایین)، ئەمەی دوایی چینێکی کۆنتری نیشانداوە (چینی ٣) لەگەڵ دۆزینەوەی کۆمەڵێک لە گڵێنە جیاواز کە نیشاندەری تایبەتمەندی سەردەمی پێشوو دەناسێنێت (نزیکەی ٢٥٠٠-٢٢٠٠ پێش زایین)

لە کاتی هەریەک لە وەرزەکانی هەڵکۆڵیندا (٢٠١٢-٢٠١٨)، لێکۆڵینەوەیەکی کارایی لە سەر گڵێنە دۆزراوەکاندا ئەنجامدرا.

ئەم گڵێنانە وایکرد کە بتوانرێت پیشەی کارایی بیناکانی شاری کونەرا دیاری بکات. ڕەنگە ئەم دووەمیان چەندین جۆری چالاکیی وەک کۆگاکردن (ناوچەی C، بینای 519 و ناوچەی E، بینای 659)، پێشوازی (ناوچەی A و ناوچەی B، بینای 712)، گڵێنەی پێشوازیکردن (ناوچەی E، بینای 660 ) گڵێنەی ڕێورەسمی پەرستش لەخۆگرتبێت (ناوچەی

C، بینای 517). چاکردنەوە و دۆخی پارچە گڵێنەکان پشتگیری لە گریمانەی لەناوچوونی نیشتەجێبوون کونارا لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەکات.